# کاریگەری ترس لەسەر پێشکەوتن و داهێنان لەلایەن ئافرەتەوە



**یەکێك لەکۆڵەگە سـەرەکییەکانی دیموکراتیەت بریتییە لە شادبوونی ئافرەت بەمافەکانی، هەر کۆمەڵگەیەکیش کە یەکسانی ڕاستەقینەی تێدا فەراهەم بێت، ئەوا بواری کارکردنی بۆ ئافرەت تێدا زیاتر دەبێت بۆ پێشکەوتن و داهێنانی زیاتر لەبوارە جیاجیاکانی ژیان، چونکە هیچ لەمپەر و ڕێگرییەك شك نابات لەبەردەم خواسـتەکانی، ئەوەی جێی داخ و سـەرنجە، سەرەڕای بوونی سیستەمێکی دیموکراسی و شادبوونی ئافرەت بەمافەکانی، کەچی ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئافرەتانی کوردستان لەداهێنان و پێشکەوتن دوورن یان وەکو پێویست نین، ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە ئافرەتی کورد تا ئێستا لەبەر بوونی ترسـی کۆمەڵگە نەیتوانیوە بەتەواوەتی بەمافەکانی خۆی شاد بێت و هەر جۆرە داهێنانێکیش لەمیانەی خەباتی ئافرەت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی دێتە ئاراوە، یاخود ئافرەتان سوودیان وەرنەگرتووە لەو بارودۆخەی بۆیان فەراهەم بووە، بۆ پێشکەوتن و داهێنان.**

### ترس لەسەرەتاوە فێڵکی پیاوسالارانەیە کە لای ئافرەت دروست دەبێت

بەیان عەزیزی مامۆسـتا لەکۆلێژی یاسـا و ڕامیـاری، تـرس وەک ڕەهەندێکـی سـایکۆلۆژی لای ئافرەت و پیاودا پێناسـە دەکات و دەڵێـت «ئـەوەی کـە لەئافرەتدا بەرجەسـتەترە بوونی گوشارە، ئافرەت نەک لەخودی پیـاو وەک بوونەوەرێکی نەناسـراو بترسـێ، بەڵکو گەر ترسـێک ببێت لەگوشار و زەختی ئەو دەترسـێت. یان بەزمانێکی دیکە ئەمە گوتـاری زاڵـی پیاو سـالارانەیە کە دەیەوێ ئافرەت بەردەوام بترسـێنێ. ئەم ترسە لەسـەرەتاوە فێڵێکی گوتاری پیاوسالارانەیە و ئینجا چییەتییەکی ئایینـی هەیە. دەیهەوێ ئافرەت سـەرەتا لەخۆی بترسێنێ. لەجەستەی لەعەقڵی ناکاملی و ناقسی (بەوتەی گوتاری پیاو سـالارانە). دیارە ئەم ترسە بەمیکانیزمێ دەرهاوێـژی پیاو سـالارانەوە بەئافرەت حەواڵە دەکرێـت. ئەمە لەسـەرەتادا خـودی پیاوەکە لەهەست و عەقڵی ئافرەت و لەجەستەی ئافرەت دەترسێت، بەڵام ئەو ترسەی خۆی حەواڵەی وی

دەکاتەوە و فرافکەنی دەکات».

سامان سیوەیلی توێژەری دەروونی ئەوە دەخاتەڕوو، ترس، هەڵچوونێکە لەهەڵچوونەکانی مرۆڤ و لەسنووری ئاسایی خۆیدا هۆکارێکە بۆ خۆپاراستن و مانەوە، بەڵام هەندێك جار سنووری ئاسایی خۆی تێدەپەڕێنێت و دەچێتە بازنەی نەخۆشییە دەروونییەکانەوە، هەروەکو لەفۆبیا یان لەتۆقیندا دەردەکەوێت.



سامان پێشی وایە، ئەو ترسەی تایبەت بەلایەنی دەروونی ئافرەتانەوە دەرهاویشتەی کە لتوری پیاوسالارانەی کۆمەڵگە و ئەو پەروەردە نادروستەیە کە خێزانی کوردی پەیڕەوی دەکات لەپرۆسەی گۆشکردنی کۆمەڵایەتیانەی ڕەگەزی مێیینەدا، کچان هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە فێری ترس دەکرێن، ترس لەئابڕوو چوون، ترس لەپۆشینی جلوبەرگ، ترس لەدەرکەوتنی ئەندامێکی جەستەیان، ترس لەقسە کردن لەگەڵ خەڵکیدا، ترس لەهاوڕێیەتی کردن. بەدەر لەمانە بەهۆی هەمان پەروەردە و کەلتوری نادروستەوە ئافرەتان هەمیشە پشتبەستوون بەنێرەکانی دەوروبەریان (برا، باوك، هاوسەر)، بۆیە هەمیشە ترسێك لەناخی ئافرەتاندا خۆی حەشار داوە لەپچڕاندنی پێوەندییەکانی خودی ئافرەتان بەو نێرانەی دەوروبەرییەوە.

## پێویستە حکومەت بودجەیەکی تایبەتیان هەبێت بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە

ئاشتی عەزیزی ئەندام پەرلەمان سەر بەلیستی گۆڕان دەڵێت «بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە پێویستە هەموو وەزارەتەکان بەشێکی بودجەکەیان بۆ بەرەودان بەتواناکانی ئافرەتان تەرخان بکەن، هەروەها هەر وەزارەتەو لای خۆی بەرنامەی تایبەتی هەبێت بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە».

توێژەری کۆمەڵایەتی هانا عوسمان سەرۆکی سەنتەری چارەسەری دەروونی وتی «بیرکردنەوی تاکەکەن لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا شتێکی حاشا هەڵنەگرە، سەرجەم تاکەکان بەپیاو ئافرەت و منداڵەوە بەدەستیەوە دەناڵێنن، چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری نەریتێکی چەسپاوی هەیە کە نابێت باوەڕی ئازادو سەربەستی تیادا بڵێت جا ئەگەر پیاو بێت یان ئافرەت، هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە تاکەکانی ئێمە جۆرە ترسێکیان هەیە، ئەو ترسە لەمنداڵیەوە دروست دەبێت، هەرکە دەچێتە قوتابخانە یەکەم ڕۆژ مامۆستا هەڕەشەت لێدەکات و دەڵێت ئەگەر نەخوێنیت دەرناچیت ئیتر ئێمە چ چاوەڕوانییەك لەم مرۆڤانە بکەین کە لەتەمەنێکی بچووکەوە ترسی دەرنەچوونی هەبێت، ئافرەتیش وەك سەرجەم بوونەوەکانی تر تووشی گرفتی دەروونی دەبێت و هەمیشە کۆمەڵگە دژایەتی دەکات.

## لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئافرەت بۆتە پاشکۆی دەسەڵات

ئاشتی ئەوەش دەخاتەڕوو، دیموکراسی ئەو فۆرمە ڕووکەشە نییە کە هەندێك کۆمەڵگە کردویانە بەدیوی ڕووکەشی ژیانی خۆیان و لەم شێوەیەوە تەنیا بەشێوەیەکی ڕووکەشیانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بۆ نموونە دەیان سەنتەریان بۆدالدەدانی ئافرەتان هەیە، دەیان سەنتەر بۆ ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتان هەیە، بەڵام ئایا خەڵك خۆی لەم سەنتەرانەدا دەبینێتەوە، ئایا دیموکراسیەتی ڕاستەقینە ئەوەیە خەڵك هەست بەهاوڵاتیبوون بکات. ئاشتی دەشڵێت: زۆربەی سەنتەرەکان کە تایبەتن بەوشیارکردنەوە لەلایەن حزبەکانەوە دابەشکراون، حزبەکانیش ئەم سەنتەرە ڕۆشنبیریانە وەك تۆڕێك بۆ ڕاکێشانی ئەندام و لایەنگر بەکاردەهێنن، چونکە دامەزراوە مەدەنیەکان و سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان ئەرکیان ڕۆشنبیرکردنەوەی خەڵکە. جا لێرەدا پرسیار دروست دەبێت، ئایا حکومەت لەڕووی دیموکراسیەوە بەمانە هەڵدەستێت؟ ئایا وەزارەتی پەروەودە چی دەکات؟ ئایا ساڵانە چەند جار لیژنەی پسپۆر لەوەزارەتی پەروەردە سەردانی دەکەن و بەدواداچوون بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن ئایا هەتا چەند پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەك دەبێت کە کۆمەڵگە وشیار بکاتەوە، ئەمانە هەمووی پرسیارن و ئەرکی حکومەتە بەمانە هەڵستێت. یاخود ئەو ڕێکخراوانەی بۆ بەرگری لەئافرەت کاردەکەن تاچەند بایەخیان بەو لایەنە داوە، ئاشتی ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئافرەتانی ئێمە ئەوەندە مێشکیان بەکاری حزبییەوە خەریك دەکەن، ئەوەندە بایەخ بەمافەکانی خۆیان نادەن، بەڵکو بە بەردەوام وەکو پیاو بیردەکەنەوە. لەلای خۆیەوە هانا سەبارەت بەدیموکراسیەت دەڵێت «بەر لەهەمووشتێك من دەمەوێت بڵێم هەتا ئەمڕۆش بنەماکانی دیموکراتی لەکوردستاندا بەتەواوی هەستی پێناکرێت، بەپێچەوانەوە دەتوانین بڵێین کوردستان لەڕووی مادیەوە بەرەوپێشچووە، لەڕووی ئابووریەوە هەنگاوی باشی ناوە، چونکە داهاتی تاك لەکوردستان دا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەڵام نابێت بڵێین کوردستان لەڕووی دیموکراسیەوە بەرەوپێشچووە تاکو ئافرەت بتوانێت لەنێو ئەو پرۆسە دیموکراتیەدا بەرەوپێش بچێت. لەبەرئەوەی حزبایەتی ڕۆڵێکی باشی هەیە، بەڵکو ئافرەتیش وەك سەرجەم تاکەکانی تری کۆمەڵگە دەبێتە پاشکۆی دەسەڵات و لەکوردستان سیستەمێك بۆ بەرەوە پێشچوونی ژیانی ئافرەت هەستی پێناکرێت و هەروەکو جارانە.

لەلایەکی دیکەوە بەیان عەزیزی پێیوایە بەڕوانینێکی مەیلەو ئایینییەوە جەستە و هەستی ئافرەت بەتاوانبار دەزانن و دەڵێت «بەبوونەوەرێک دەزانێ کە هەمیشە ئامادەیی ئەوەی تێدایە تاوان بکات. کەواتە دەبی ئاگای لێبێت. هەوڵێکی گوتاری پیاوانە ئەوەیە کە بەئافرەت بڵێ بترسێت لەجەستەی، لەهەستی و لەشعوری، لەوێدا کە ئەو گوتار و میکانیزمە سەرکەوتبێت و ئافرەت ئەو ڕوانگەیە ناوەکی کردووەتەوە و ترس لەهەناویدا ناونشین بووە. دیارە ئەو ترسە دەتوانێ ڕەهەندی جیاوازی لێبکەوێتەوە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەکەی وابێت کە ئافرەت کۆمەڵگە نەک بەخۆی یان خۆی بە بەشێک لەکۆمەڵگە بزانێت تاکوو لەوێدا گەشە بکات، بەڵکو کۆمەڵگە دەبێتە ئەو شوێنەی لێی بترسێ. لێرەدا کۆمەڵگە لەباتی ئەوەی بوار و بەستێنی دەرخستنی تواناکانی ئافرەت بێت دەبێتە مۆتەکەی ئافرەت. هەر ئەمەشە وادەکات کە کێشەی دیکەی لێ بکەوێتەوە. کەواتە پێویستە پێش ئەوەی بڵێین ئافرەت ترسنۆکە یان دەترسێ، بیر لەوە میکانیزم و گوتارانە بکەینەوە کە دەیهەوێ ئافرەت بترسێنێ.

## تاکۆمەڵگە پێش بکەوێت ئەرکی تاکەکان زیاد دەبێت

لەکۆتاییدا سامان سوەیلی دەڵێ «لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ترس وەك کۆت و پێوەندێك وایە بۆ بیرکردنەوەی دروست و ڕەفتار و هەنگاونان و بەرەوپێشچوون، هەربۆیە بوونی ئەو ترسانەیە وەك بەربەستێك لەژیانی ئافرەتاندا کە نەیانتوانیوە یان بواریان پێنەدراوە ئامادەیی خۆیان وەك پێویست بسەلمێنن، لەڕۆژئاوادا ئافرەتان شانبەشانی پیاوان کاری پیشەیی دەکەن، لەکارخانەدا کار دەکەن، کاری سیاسی و کارگێری و ئەمنی و پۆلیس و....تاد دەکەن، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەتا ئێستا کارەباچییەکی ئافرەتمان نییە، بۆیاخچییەکی ئافرەتمان نییە، شۆفێرێکی تاکسی ئافرەتمان نییە، دوکاندارێکی ئافرەتمان نییە. هۆکاری هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ترس لەسزای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.

بێگومان هەتا کۆمەڵگە پێشبکەوێت و ئەرکی تاکەکان زیاد بکات، تاکەکانی کۆمەڵگە زیاتر ڕووبەڕووی فشارە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەبنەوە، بۆ نموونە ئافرەتێك ئەگەر کار بکات، لەهەمان کاتدا دایك بێت بۆ چەند منداڵێك، هاوسەر بێت بۆ هاوسەرەکەی، تێکڕا ئەمانە ئەرکەکانی سەختتر دەکەن، بەمانەش ئاستەنگی زیاتر بۆ بیرکردنەوە دێتە پێش.

# پاڵپشتی و هاوکاری ژن لە خۆبژێوی ژیانی هاوبەشدا



هاوبەش، هاوژین، هاوسەر و چەندین دەستەواژەی دیکە بەمانای یەکێك لەدوو جەمسەری ژیانی هاوبەش چ ژن بێت یا پیاو دێت.. بەدوای ئەم وشانەدا چەندین دەستەواژەی دیکە وەك «هاوخەم، هاوسۆز، هاودەرد....تاد. لەژیانی هاوبەشدا کە بنچینەکەی لەسەر بنەمایەکی ڕاست و بێ بەرژەوەندی و پاوانخوازی لایەنەکان دامەزرابێت، مانای واقیعی خۆیان دەبەخشن.. ژن و پیاو دوو کۆڵەکە و جەمسەری ژیانی هاوبەشن، بەبێ بوونی پاڵپشت و هاوکاری تەواو و بێ بەرامبەری یەکێك لەم دوو جەمسەرەی ژیانی هاوبەش بناغەی ئەم ژیانە لەرزۆك دەبێت و لەمەودایەکی کەمدا بەرەو دارمان دەچێت.

لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، ڕوونتر بڵێین لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، بەشداری کارا و چالاکی ژنان لەبوارەکانی کارکردن لەدەرەوەی ماڵ و کارکردن لەکارگە و کارخانەکان و ئیدارە و فەرمانگەکان و قوتابخانە و نەخۆشخانە و دامەزراوە تایبەتی و حکومییەکان بەرفرەتر و ئەکتیڤتر بوو، سنووربەند نەبوونی ئافرەت تەنیا لەکاری ماڵەوە و خۆبژێوی لەژیانی ڕۆژانەدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەچوارچێوەی کۆمەڵگە و ماڵباتدا پێکهێنا، بەجۆرێك ئافرەت بەتەواوی هەستی بەپێگەی و شکۆی خۆی لەهاوبەشی کردنی ژیانی ڕۆژانەی هاوسەرەکەیدا کرد و بڕوا و متمانە بەخۆبوون لەڕۆحییەتی ژندا و سەربەخۆیی ئابووری و چاو لەدەست نەبوون لەڕەگەزی بەرامبەری بوو بەهۆی ئەوەی کە بەدیدگایەکی دیکەوە لەجیهان بڕوانێ..

ئەم پێشەکییەی سەرەوە دەلاقەیەك بوو بۆ چوونە ناو باسێك و واڵاکردنی دەرگای پرسیارێك کە ئایا ئەنجامدانی ئەرکی ژنان لەدەرەوەی ماڵەوە تا چ ڕادەیەك کاریگەری هەیە لەسەر پێکهێنانی زەمینەیەکی لەبار و ژیانێکی خۆش و پڕ لەکامەرانی لەژیانی هاوبەشدا؟ ئایا ژنان تا چ ڕادەیەك بەشدارن لەهاوکاری و پاڵپشتی کردنی هاوسەرەکانیان لەبژێوی ژیانی ڕۆژانەدا؟ ئایا بەم تێڕوانین و بیردەکەنەوە کە ژیانی هاوبەش بەتەنیا موڵکی هیچ کەس لەم دوو جەمسەرەی ژیان نییە و خۆماندووکردن و هەوڵدانیش بۆ ژیانێکی باشتر هەر پێوەندی بەپیاو یان ژنەوە نییە چ کۆمەڵگەیەك بونیاد دەندرێت.. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە ئەم ڕاپۆرتە دەخەینەڕوو.

مەهاباد و کەمال زیاتر لەدە ساڵە پێکەوە دەژین، هەردووکیان لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن و مەهاباد مامۆستایە و کەمالیش لەفەرمانگەیەکی حکومیدا کار دەکات، بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان ٣ منداڵە. ئێستا خاوەنی خانوو

ئاسۆ: سابڵاغ

و ئۆتۆمبێلی خۆیانن و لـــەڕووی ئابوورییەوە ژیانێکی مامناوەندیـــان هەیە. مەهاباد دەڵێت، ئێمە لەسەرەتادا هیچمان نەبوو، ژیانمان لەسفرەوە دەســـتپێکرد، ماوەی چەند ســـاڵێك لەخانووی کرێدابووین، بـــەڵام بەهـــاوکاری هەردووکمان توانیمـــان گۆڕانکارییەك لەژیانی ڕۆژانەماندا بکەین و بتوانین دەست بەزاری خۆمانەوە بگرین و تا هەندێك پارە پاشکەوت بکەین و ئێستا ئەوە دوو ســـاڵە بەشـــێك لەئامانجەکانمان هاتوونەتە دی و توانیومانـــە خانـــووی خۆمان هەبێت و بەقیستیش ئۆتۆمبێلێکمان هێناوە..

• مەهاباد خان تا چەندە هاوکاری و پاڵپشـــتی لەخۆبژیوی ژیانی ڕۆژانەی هاوسەرەکەتدا؟

- ببوورە کە ئەوە دەڵێم پرســـیارەکەت بەتەواوی هەڵەیە، ژیانی هاوبەش هەر هی هاوســـەرەکەم نییە، هاوبەش یانی چـــی؟ یانی هەردووکمان بەشـــین لەم ژیانەدا. لەخۆشـــی و ناخۆشی، لەئـــازار و خـــەم. لەنەبوونـــی و کەموکوڕی بەکورتی لەهەموو شـــتێکدا، ئێمە خاوەنی دوو ژیان نین و پێکەوە دەژین.. ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە کەمتر لەژیاندا تووشی گرفت ببین، ڕاستیت پێ بڵێم هەتا ئێستا لەماوەی تەمەنی ژیانی هاوبەشـــماندا لەســـەر کێشەی مادی و دارایی تووشـــی بچووکترین کێشە و هەڵچوون نەبووینە.

• پارە و دارایی ماڵەوە لەلای کێیە؟ هەرکامتان بەجیا پارەی خۆتان هەڵدەگرن، خەرجی ڕۆژانەی ژیانتان چۆنە؟

- باوەڕ بکە لەم چەند ساڵەی ژیانی هاوبەشماندا هیچ کاممان بەتەنیا خاوەنی پارەی خۆی نەبووە، پارە لەشـــوێنێك لەماڵ داندراوە، هەرکەســـێك پێویســـتی پێبێت بەگوێرەی پێداویستییەکەی پـــارەی هەڵگرتووە، هیچ ســـەیر نییە کە دەڵێم منداڵەکانیشمان هەر بەم شێوەیەن.

• هـــەر لەســـەرەتای ژیانی هاوبەشـــەوە ئەوە بیرکردنەوەتان بووە؟

- دەکرێ بڵێم من بەر لەوەی ژیانی هاوبەشیش پێکبێنم وابووم، چونکە دایك و باوکم تێڕوانیان لەژیانـــدا ئەمەبوو، بۆیە منیـــش بڕیارمدابوو لەگەڵ هەرکەسێك بژیم، دەبێ ئەوە بیرکردنەوەمان بێت.. ئەو زێڕو ئاڵتونـــەی کە بۆ مارەیی بۆم کرابوو، لەدروســـتکردنی خانوودا فرۆشـــتم.. (بەپێکەنینـــەوە) ئەگـــەر هەمـــوو گرفـــت و کەموکوڕیی و پێداویستییەکانی ماڵەوە کۆتاییان هات، دەست بەکڕینی زێڕ دەکەمەوە...

ئـــەم تێڕوانینەی مەهبـــاد و کەمال بۆ ژیانی هاوبەش و یەك ماڵبـــوون و یەکدڵ بوون، بۆتە هـــۆی ڕەخســـاندنی ژیانێکی هاوبەشـــی پڕ لەبەختەوەری، ژیانێك کە لەودا ئەوە هی منە و ئـــەوە هی تۆیە بوونی نییە، کەس بەتەنیا ماڵ بەهی خۆی نازانێ، هاوماڵی وایکردووە هاوڕۆح و هاوگیان بن و هاوخەمی و هاوسۆزی ئاوێتەی ژیانی هاوبەشیان بێت.. بێگومان بیرکردنەوەی کەمال و مەهابـــاد، بیرکردنـــەوەی تاکەکانی کۆمەڵگـــە نییە و لەکۆمەڵگـــەی ئێمەدا کەم نین ئـــەو پیاوانەی کە ماڵ تەنیا بەهی خۆیان دەزانن و هاوســـەرەکەی بەهاوبەشـــێك لەژیاندا دانانێن و تەنیا هەندێك مەبەست و بەرژەوەندی پێکەوەی کۆکردوونەتەوە.. کەم نین ئەو ژنانەی کە پێیانوایە ئەرکی خۆبژێوی و بەدەستهێنانی پارەی خەرجی ژیان تەنیا لەئەســـتۆی پیاوە و، پیاو ئەرکی سەرشـــانییەتی کە هەموو ئازار و مەینەتـــی بارگرانایی ژیانی ئابووری هاوبەش هەڵبگرێت.. تەنانەت ئامادە نین لەناخۆشترین ساتەکانی ژیانی هاوبەشدا و لەبوونی گەورەترین گرفتی مادیدا بچووکترین پاڵپشت بن لەژیاندا.. (رزگار و ژیان) نموونەیەکی بەرجەســـتەی ئەم واقیعییەتەن.

رزگار و ژیـــان زیاتـــر لەپانزدە ســـاڵە پێکەوە دەژیـــن، ڕزگار جگـــە لەوەی کـــە لەیەکێك لەفەرمانگەکاندا ئەرکی پاسەوانی لەئەستۆیە، دوای تەواو بوونی ئەرکەکەی پاشـــنیوەڕۆیان کاری شـــۆفێری تەکســـی دەکات، بەم دواییە خانوویەکیان دروســـتکردووە، کە هێشـــتا هەر هەیکەلە بۆ ڕزگاربوونی لەدەست کرێچییەتی هـــەر بەهەیکەلی هاتوونەتـــە ناویەوە، خاوەنی ٥ منداڵن. (ژیان) کارمەنـــدی بانقە و ئەوان هاوسێی ئێمەن.. دوو ساڵە لەم خانووە هەیکەلییە دادەژین کە نە سەرما دەگێڕێتەوەو نە گەرما.. زۆر جار لەڕزگارم پرســـیوە کەی خانووەکەت تەواو دەکەی، دەڵێت هەر هەندێك پارەم بکەوێتە دەست تەواوی دەکەم..

(ژیان) جگە لەپارەیەکی باش زیاتر لەنیوکیلۆ زێڕی هەیە، لەسەرەتادا پێموابوو ئەوەی بەخۆی هەڵدەواســـێ تەنیا ئێکسواراتە و لەشێوەی زێڕ دەچێت، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە هەمووی زێڕە، هەر ئەمەش هانی دام کە چەند پرسیارێك لە(ژیان) بکەم...

• خاتوو ژیان پێدەچێ دەوڵەمەند بی، ناترسی ڕۆژێك زێڕەکانت لێبدزن؟

- (بەپێکەنینـــەوە) نـــا کەس ناتوانـــێ، دەنا لەمێژبوو دەیاندزی..

• باشـــە شـــوکر کە وەزعی داراییت باشە، بۆ هەوڵنادەن خانووەکەتان تەواو بکەن، پێموایە گەر تۆ زێڕ و ئاڵتونەکانت بفرۆشی، لەم وەزعییەتە دێنەدەرێ؟

- نـــا نا نا، قەت قســـەی وامەکـــە.. زێڕ و ئاڵتونەکان هی خۆمـــن، خۆ هی ڕزگار نین، بەپارەی خـــۆم کڕیومن. با ڕزگار خۆی زیاتر ماندوو بکات و خانوو تەواو بکات..

• مەگەر ژیانی هاوبـــەش هی هەر دووکتان نییە؟ بۆ تۆ ئامادە نی لەم ژیانە هاوبەشـــەدا هاوکار و پاڵپشتی هاوسەرەکەت بی؟

- نا پیاو دەبێـــت هەموو خەرجییەکانی ژیانی ڕۆژانـــەی بۆ هاوســـەر و منداڵەکانی ئامادە بکات، ئەدی بەچی پیاوە؟ پیاوێك نەتوانێ ژن و منداڵەکەی بەخێو بکات بۆ ژن دێنێ؟

• چونکە خانووەکەتان هەیکەلەو سەرما و گەرما ناگێڕێتـــەوە، ئەگەر بەم هۆیـــەوە منداڵەکانت تووشی نەخۆشی بوون، چ هەڵوێستێکت دەبێت، مەگەر منداڵەکان هی تۆ نین؟


- ئەوان بابیان هەیە، با خەمیان لێبخوات...

لەبیرکردنـــەوە و تێڕوانینـــی (ژیان) بۆ ژیانی هاوبەش ئەو ڕاســـتییە تاڵە دەردەکەوێت کە ئەو هاوسەرەکەی وەك هاوبەش، هاوخەم و هاوسۆز ناناسێ و ئامادە نییە ببێتە پاڵپشت و هاوکارێك بۆ هاوســـەرەکەی، لەژیانی هاوبەشێکی وادا تەنانەت منداڵەکانیش بەچاوی سۆزی دایکانە لێیـــان ناڕواندرێت و بەرژەوەندی شەخســـی و کۆکردنەوەی پارە لەســـەرووی هەموو شتێکە. ژیان تەنانەت بۆی گرنگ نییە منداڵەکانیشی نەخۆش بکەون.. مەزنی و شکۆی ئافرەتێك کە لەدەرەوەی سنووری ماڵەوە کار دەکات لەوەدایە کە ئەو ســـەرەڕای ئەرکی دەرەوە و پاڵپشـــتی کردنـــی ژیانـــی هاوبەش، ئەرکـــی ماڵەوەش بەئەستۆ دەگرێت. هەروەك لەکۆمەڵگەی ئێمەدا مەهابادەکان زۆرن و نموونەیان گەلێکە، (ژیان)ـەکانیـــش نموونەیان زۆرە، هەن ئەو ئافرەتانەی کە خشـــڵ و زێڕێکـــی زۆریان هەیـــە، بەڵام ڕۆحێکـــی هەژارانەیان هەیە و لەبواری مادیدا باشن، بەڵام لەبواری خۆشەویستی هاوسەرێتیدا کەمیان هەیە.. بناغەی ژیانی هاوبەش کاتێك پتـــەو و بەهێز دەبێت کە یەکدڵی و یەك گیانی هەبێت.. دوو جەســـتەبن و لەیەك گیان و یەك بۆتەدا بتوێنەوە.. ئەو منداڵانەی کە بەرهەمی ژیانێکی پـــڕ لەتەباین، ئاســـۆی داهاتوویان گەشـــترە. منداڵەکانی مەهابـــاد و کەمال بە پەروەردەیەك گـــەورە دەبن کە پارە و ســـامان ژیانێکی بەختەوەریان بۆ فەراهەم دەکات، نەك ژیان فیدای پارە و سامان بکەن.. بەپێچەوانەوە منداڵەکانی ڕزگار و ژیان ڕۆحی پاوانخوازی و بەشداری نەکردن لەخۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگەدا لەگیانیانـــدا چەکەرەی کردووە.. لەبواری کۆمەڵناســـییەوە، خیانەتی هاوسەری بەتەنیا ئەوە نییە کە جەستەت بەیەکێکی دیکە بســـپێری، ئەگەر ڕۆح و گیانیشـــت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا نەبێ و هاوگیان و هاودڵی نەبی، دیسان بەشێکە لەخیانەتی هاوسەری.. وتاری دەربڕینـــی بەڵێنی هاوســـەرگیری لەئایینی بۆزاییدا بەم شێوەیە «من بەڵێن دەدەم، هەستم، سۆزم، گیانم بوون و مانم لەگەڵ هاوسەرەکەم دابێت». بێگومان وتاری مارەیی هاوسەرگیری لەزۆربەی ئایینەکاندا وەك ئەم بەڵێنە دەچێت..

# بۆچی ئافرەتان وێڵن بەدوای سۆز و خۆشەویستیدا؟



دەروونناس: سامان سیوەیلی



یەکێك لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئافرەتان لەڕووی سایکۆلۆژییەوە پەیوەستە بە ژیانی هاوسەرگیریی، بریتییە لە هەستێکی بارگاوی بە دڵەڕاوکێ، سەرچاوەی ئەم هەستەش ترسە لە هاوڕەگەزەکانیان (ئافرەتان — کچان و ئافرەتان)، یان بەدەربڕینێکی تر ئەم هەستە لەو پەرۆشییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئافرەتان دەخوازن تەنیا خودی خۆیان زاڵ بن لەسەر هەست و نەستی هاوسەرە پیاوەکانیان، بەشێك لە ئافرەتان لەم پێناوەدا زۆر ڕێگەی جۆراوجۆر دەگرنەبەر کە هەندێجار هەتا ئاستی تەنگ پێهەڵچنین بەژیانی هاوسەرەکانیان پەرە دەسێنێت، لەو ڕێگایانەی بەشێك لە ئافرەتان بۆ دوورخستنەوەی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە دەیگرنەبەر:

١- هەوڵدان بۆ دابڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانی هاوسەرەکانیان.

٢- هەوڵدان بۆ زەوتکردن و لێسەندنەوەی زۆرێك لە ئازادییە کەسییەکانی پیاو.

٣- هەوڵدان بۆ دابڕینی هاوسەر لە ئارەزوو و خواستەکانی.

٤- چاودێری کردنی بەردەوامی هاوسەر، بەمەش کۆی هەڵسوکەوتەکانی پیاو بەبەردەوامی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە (کاتەکانی چوونە دەرەوە و گەڕانەوەی بۆ ماڵ، مۆبایل و نامە و پەیوەندییەکانی، فەیس بووك و پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکانی تری پیاو، خۆگۆڕین و پۆشاك و شێوازی پۆشینی جلوبەرگ، ئەو کەناڵە تیڤی و پێگە ئەلەکترۆنییانەی پیاو تەماشایان دەکات و ....تد).

٥- گومان کردن لە پیاو.

ئەگەرچی مەبەست لەو هەوڵ و ڕەفتارانەی ئافرەتان بە دیوێکدا دوورخستنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لە دەروونی خۆی یاخود بەمەبەستی دەستکەوتنی ئەو دڵنیاییە دەروونییەیە کە هاوبەشێکی لە ڕەگەزەکەی خۆی بۆ پەیدا نەبێت و هەموو هەست و سۆز و گرنگیپێدانەکانی هاوسەرەکەی تەنیا بۆ خۆی بێت، کە ئەمەش دەکاتە هەستکردن بە دڵنیایی لە ژیانی هاوسەریی. بێگومان ویستی هاوسەرەکان (مێ بێت یان نێر) بۆ دڵنیایی لەژیانی هاوسەرییدا ویستێکی ڕەوایە، بەڵام میکانیزمەکانی دەستکەوتنی ئەم دڵنیاییە ئەگەر زێدەڕۆیی تێدا بکرێت و ڕەچاوی بەرامبەری تێدا نەکرێت ئەوا ئەو هەڵسوکەوت و هەوڵانەی ئافرەتان ئامانج ناپێکێت و فۆرمێکی تر وەردەگرێت و دەبێتە جۆرێك لە موڵکداری کردن بۆ پیاو، واتە قۆرخکردن و کۆنترۆڵکردنی تەواوی پیاو، ئەمەش لای زۆرێك لە پیاوان پەسەند ناکرێت. هەربۆیە ئەم هەوڵانە ئەوەندەی دووچاری بەربەست و تێکشکان دێن، ئەوەندە ئامانج ناپێکن، چونکە ئەم هەوڵانە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا دووچاری پەرچەکرداری پیاو دەبنەوە، زۆرینەی پیاوان پەرچەکرداری جۆراوجۆریان دەبێت بەرامبەر ئەم هەوڵانەی هاوسەرەکانیان، وەك (تووڕەبوون، کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستی، ئاژاوەی خێزانی، کەمبوونەوە یان نەمانی بەندیواری (الانتماء) بۆ ژیانی هاوسەرگیریی، یاخیبوون، هەڕەشەی جیابوونەوە، کەمکردنەوەی پەیوەندییە سێکسییەکان و ...تد).

ئەم ترسەی ئافرەتان تەنیا ترس نییە لەوەی هاوسەرە پیاوەکەی ئافرەتی دووەم بهێنێت، چونکە لەم ڕۆژگارەدا ئەم پرۆسەیە لەڕووی ئابوری و یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە ڕەنگە ئاسان نەبێت ئەگەر نەشڵێین زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەم ترسە زیاتر لە پەنابردنی هاوسەرەکەیەتی بۆ ناپاکیی هاوسەریی، ترسە لەو شۆکە دەروونییەی لەکاتی دەرکەوتنی ناپاکیی هاوسەریی هاوسەرەکەی دووچاری دەبێت، ترسە لە هەرەسهێنانی هەموو ئەو خەونانەی لەسەر بناغەی ژیانە هاوسەرییەکە هەڵچنیوە، ترسە لەوەی ڕوودانی ناپاکی هاوسەریی لە هاوسەرە پیاوەکەی دەکاتە مایەپووچ بوونی خۆی، چونکە دەکاتە ئەوەی کە ئەم وەك هاوبەشێکی ژیان بێ نرخ و بێ بەهایە، ترسە لەوەی کە ئەم وەك ئافرەتێك نەیتوانیوە هەتا سەر ببێتە جێی سەرنجی هاوسەرەکەی.

کەواتە ترس لە ناپاکیی هاوسەریی لەم ڕۆژگارەدا ئەو دیوەزمەیەیە کە پانتاییەکی گەورە لە بیرکردنەوە و هەستی ئافرەتانی داگیر کردووە. ئەو ئافرەتانەی زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم لێکدانەوانەوە:

١- ئەوانەی خوێندەوارن یان خاوەنی بڕوانامەن.

٢- ئەوانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆریان هەیە و ئاشنای ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەن.

٣- ئەوانەی خاوەن کارن لەدەرەوەی ژیانی هاوسەریی.

٤- ئەوانەی ئاشنان بە ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان.

هەربۆیە پێویستی ئافرەتان بە وەرگرتنی سۆز و خۆشەویستی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە وەك کلیلێك بۆ کردنەوەی دەرگای دڵنیایی دەروونیی لەژیانی هاوسەرگیرییدا دەبینن، سۆز و خۆشەویستی وەك ڕەوێنەری ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لەمبوارەدا. ئافرەت لە ژیانی هاوسەرییدا بەها و پێگەی خۆی لەناو ژیانی هاوسەرییدا دەبەستێتەوە بە بڕی ئەو سۆز و خۆشەویستییەی لە هاوسەرەکەیەوە وەریدەگرێت، هەتا تێرتر بێت لەڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە هێندە پێگەی خۆی بە قایمتر دەبینێت و خۆی بە بەهاتر و گرانتر دێتە پێش چاو.

بەستنەوەی وەرگرتنی سۆز و خۆشەویستی بە پێگە و بەهای مێینەتییەوە لای خودی ئافرەتان وایکردووە کە ئافرەتان هەمیشە وادەربکەون کە وەك بوونەوەرێکی وێڵ بەدوای سۆز و خۆشەویستیدا خۆیان دەربخەن. ئەگەرچی لەسەرەتای دروستکردنی ژیانی هاوسەرییدا پێوەرە مادییەکان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە دروستبوونی ئەو دڵنیاییە لای کچان و ماڵە باوانیان، بەوەی مارەیی زۆر داوا دەکەن یان خانوو و ئۆتۆمبێل و پێداویستییە مادییەکانی تر دەکەنە مەرج، بەڵام دواتر و دوای چوونە ژیانی هاوسەریی هەستدەکەن ئەم پێداویستییە مادیانە نەیتوانی و ناتوانێت ئەو دڵنیاییەیان پێببەخشێت بەقەدەر ئەوەی پڕ کردنەوەی پێداویستییە ڕۆحی و دەروونییەکانیان دەتوانێت ئەو دڵنیاییەیان پێببەخشێت، بۆیە لەو هەلومەرجانەدا ئافرەتان بەوانەی لەناو ژیانێکی ماددی تێر و تەسەلیشدان لە ئامادەنەبوونی سۆز و خۆشەویستیدا هەموو ژیانە ماددییەکەیان لەلا دێتەوە خاڵی سفر و هیچ مانایەکی نامێنێت. هەربۆیە لەم سەروبەندەدا پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەرەتادا هێندەی فۆرمێکی مادی هەیە ئەوەندە فۆرمێکی ڕۆحی نییە، ئەمەش فشارێکی مادیانە لەسەر کوڕ و خێزانی کوڕەکە دروستدەکات کە ڕەنگە دواتر بەشێوەیەك لەشێوەکان وەك پاڵنەرێکی نەستی کار لە ڕەفتاری کوڕەکە بکات و وەك پێویست مامەڵەی دروست لەگەڵ هاوسەرەکەی نەکات، چونکە هەستدەکات کە هاوسەرەکەی گوێی نەداوەتە ژیان و باری دارایی خۆی و خێزانەکەی، بەڵام کاتێك ئافرەت لەوە تێدەگات کە هاوسەرەکەی سۆز و خۆشەویستیی پێنابەخشێت یان وەك پێویست گرنگی پێنادات، ئەو کاتە هەرچەندە لەوپەڕی ژیانی ماددیانەی لەباریشدا بێت هەست بە نامۆ بوون دەکات. ئەگەرچی ئافرەتان وەك پێکهاتەی سایکۆلۆژیی سۆزدارتر و ڕۆمانسیترن لەچاو پیاواندا، بەڵام ئەو زیادەڕۆییەی دەکرێت لەلایەن ئافرەتانەوە لەمپێناوەدا بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە و ڕەواندنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێییە.